# بانگەشە بۆ تیرۆر



## نیا کامیل



به بەهانەی بانگەشە بۆ تیرۆر و بەیاسای دژە تیرۆر و بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی دەیانەوێت ڕۆژنامەی هاوڵاتی دابخەن .ئەگەر ئەم درێڕە شیکاربکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە ئازادی و ئازادی ڕاگەیاندن ومیدیای ئازاد یانی چی ؟ لە چی وەزعێکدایە . وە لەژێر مەرحەمەت و ئەژمونی چیدا کاردەکات . پێویستە بپرسین ئایا ووشیاریدان بەخەڵکی و بە ئاگاهێنانەوەیان لە بەرامبەر خەتەرێکی گەورەدا تاوانە ؟ ئایا ورووژاندن و خستنەڕوی ئەم ترسە باشترە یان بێ ئاگایی و بێخەم بوون ؟ باشە ئەگەر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان مرۆڤ نەی خوێنێتەوە ، لە میدیاکان نەی بیستێ کە تیرۆر هەیە و خەتەرێکی هەموو ڕۆژەی بەرەوڕوی خەڵکە و ژیان و مانەوەی خستونەتە بەر هەڕەشە ، مەعنای وایە ئیتر تیرۆر نیە و خەڵکی بێخەم لێی بخەون .

هەموو دونیا واقعیەتی حاڵی عێراق دەزانێت ، لە سەری هەموو سەعاتێکدا لە هەر پەخشێکی خەبەری نوێدا ، سەرنجمان بۆ ڕودانی کارەساتێکی گەورە ڕادەکێشرێت . خۆ ئەگەر هەموو سەعاتێك خەبەری یەکەم تایبەت نەبێت بە عێراق ، ئەوا دووەم هەواڵ سەبارەت بە ئەم وڵاتەیە . ماوەی چوار ساڵ زیاترە بەدەگمەن ڕێکەوتوە ڕۆژێك داتای نوێ و ڕیکۆردی تازەمان بەر گوێ نەکەوتبێت ، توشی شۆکی نەکردبین . لە ئاکامی جەنگێکی دووجەمسەری کە مەوجودیەتی هەیە . وە زۆر ئاسایی هەزاران دەزگای ڕاگەیاندنی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە . وە تەواوی وردەکاریەکانی ئاشکرادەکەن ، بەهەزاران بەرنامە و پرۆگرامیان لەم پێناوەدا بەرپاکردوە . ئەمەکارێکی ئاسایی تایبەت بەڕاگەیاندنە و یاسایشە بگرە ئەرکی سەرەکی خۆشیەتی . بەڵام یان هەرنەبووە یان زۆر زۆر بە نادری ڕویداوە دەزگایەکی ڕاگەیاندن ڕۆژنامەیەك ڕۆژنامە نوسێك هەواڵنێرێك وێنەگرێك تاوانبارکرابێت بەوەی کە خەبەری گواستۆتەوە واقعێی پەخش کردۆتەوە . یان وترابێت بانگەشەی بۆ تیرۆر کردوە . خۆئەگەر دەسەڵات بیەوێت ئەم هەواڵانە بشارێتەوە بەمەبەستی ئەوەی بڵێت تیرۆرنیە ئەوە بەری خۆر بە بێژن دەگرێت .

لە تەواوی دونیادا کاتێك بازنەی ئازادیەگشتیەکان پەلامار دەدرێت و هەوڵ بۆ بەرتەسك کردنەوەی دەدرێت ، ئەوە بەشێوەیەکی سستماتیك دابەزیوە بۆ ئازادیە فەردیەکان لە ئاکامدا ، ئەمەش بۆتە هۆی خەملینی ڕژێمێکی تۆتالیتاری تاك ڕەو . بۆیە خەمی ئێمە تەنها بۆ هاوڵاتی نیە ئەگەرچی ئەو ئامانجەکەیە لە ئێستادا . بەڵکو لە خەمی هەنگاوی دواترداین ، ئەگەر ئەم هەنگاوە ئاسان ڕۆیشت ئەوە ستێپی داهاتو زۆر ساناترە .

لە ووڵاتێکی وەك ئەمریکادا ، کە بەرژەوەندیەکانی خۆی لەسەر ئاستی دونیا پەخش و بڵاوکردۆتەوە . لەگەڵ دڕندەترین هێزی بەربەری بەرەو ڕو و دەرگیرە . لەگەڵ بەهێزترین دەوڵەتانی خاوەن هێزی سەربازی و ئابوری و بەشەری لە ململانەدایە . وە دەستێکی باڵای هەیە لەو گۆڕانکاریانەی لەسەر ئاستی جیهان ڕودەدات ، دەستی گرتوە بە چەندین ووڵاتی خاوەن سستمی دیکتاتۆری و دڕەدەو هاری دنیاوە . بۆ خۆیشی خاوەنی هێزێکی هار و دڕندەی

پۆشتەو پرداخە و بەشێکە لە تیرۆرزمی جیهانی . کەچی لەم وولآتەدا فایلە نهێنیەکانی کارە نایاسایی و نامۆڤانەکانی دەزگایەکی وەك CIA و پینتاگۆن دزە پێدەکرێت و دەخرێتە سەر ڕووی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی واشنتن پۆست و نیویۆرك تایمز و ... هتد . هاوکات یاسای دژە تیرۆر لەکاردایە لەم وولآتەدا . وە خاوەنی ئەمنی قەومیەکی زۆر فراوانە کە هەرکردەوەیەك لەم جیهانەدا ڕوبدات ڕاستەوخۆ خەتەرە لەسەر ئەمنی قەومی ئەمریکا دروست دەکات ،دەیخاتە بەر هەڵسەنگاندن . کەچی نەمان بینی نەمان بیست ڕۆژنامەیەك دەزگایەکی ڕاگەیاندن .......هتد . لەم وولآتەدا بەبیانوی بانگەشە بۆ تیرۆر یان خەتەر دروست کردن لەسەر ئەمنی قەومی .لەپەیوەند بەوکارەی کەردویەتی فشاری بۆ بێت بدرێت بەدادگا . چجای داخستنی دەزگایەك .

بیرمان نەچێت پلانی لێدان و بۆردومان کردنی کەناڵی ئاسمانی الجزیرە ، هەر لەسەر ڕوی لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك ئاشکراکرا و ڕوی ڕاستەقینەی ئەمریکا و بەریتانیای بەخەڵکی دونیا پیشاندا .

لە دانیمارك بەهۆی پەخشی چەند کاریکاتێرێکەوە لە ڕۆژنامەیەکی ئەو وولآتەدا . وەزعێکی بۆ دروست بوو کە خستیە بەر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی تیرۆرەوە . لە بواری ئابوریشدا بە ملیۆنان دۆلار زیانی لێکەوت ، وە کار گەشتە داخستنی سەفارەت و کشانەوەی باڵۆیز لە ژمارەیەك لە وولآتاندا . کەچی حکومەتی ئەو وولآتە ئامادەبوو هەموو ئەمانە قبوڵ بکات ، بەڵام ئامادە نەبوو سزای ئەو ڕۆژنامە نووسە بدات . وە هیچ کۆسپێکی لە بەردەم کاری ڕۆژنامەکەشدا دانەنا . لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم وولآتە خاوەنی ئەمنی قەومی نیە ؟ ئایا کارێکی ڕۆژنامەوانی ئەم وولآتەی نەخستە بەردەم هەڕەشەوە ؟ کاری لە پەیوەندیەکانی نەکرد ؟ بەڵام بەپێی یاسا لەم وولآتەدا کارێکی پێچەوانەی نەکردبوو . کە هەرگیز ناتوانین موقارەنەی بکەین بەو کارە هاولآتی .

ئاسایشی نەتەوەیی چ مانایەکی هەیە کە شقارتە و دەرزی و تەماتە و بیبەر و سەرەتایترین پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لەدەستی خۆتدانەبێت ، و لە دەرەوەی سنورەوە بۆت بێت ، ئەگەر ڕۆژێك یەکێك لەمانە نەیەتە ئەم ولآتەوە کارەسات دەقەومێت ، ژیان توشی شەلەل دەبێت . ئەمنی قەومی بەپایەی ئابوری مەحکەم ڕادەگیرێت ,بە سەربەخۆی قەرارات جێگیردەبێت ، بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی ڕادەگیرێ و دەپارێزرێت . بۆردومانی بێباکانەی سوپای تورکیا و ئێران بۆ ماوەیەکی دور و درێژ ، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت ئێستاش ئێمە لە خەتی بنە پۆستاڵەکانی جەندرمە و پاسداراندا جێگامان بۆ دانراوە . ئەمنی قەومی لەکوێیە ، ئەی بۆ دەسەلآت لە بەرامبەر بەمەدا زۆر خەمساردە ، کە بەهەزاران کەس ئاوارە بوون بەسەدان دۆنم ڕەزو باخ و دەغڵ و دان و دارستان سوتان و لەناوچوون . هەموو ئەمانە وەك بەشێکی جوزئی ، هیچ مقیاس و پێوەرێك ناهێڵنەوە بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەی.

هەموو ئەمانە تەنها یەك حەقیقەت دەسەلمێنن ، ئەویش بەرگرتنە بە ئازادی . بۆیە کاری هەرئەمرۆی خەڵکە دیفاع بکەن بۆ فراوان کردنی مەساحەی ڕادەربڕن و ئازادی . وەك حەقی سروشتی خۆیان . وە کەناڵ و میمبەری بۆ دابمەزرێنن ، ئێمە ناڵێین هاولآتی دەنگی ڕاستەقینەی هاولآتیانە ، ئێمە ناڵێین کەناڵێکی پێرفێکتی ئازادە . بەڵام ناشکرێ ئاوا بەئاسانی لەبەین بچێت . چونکە وەك وتمان کاری داهاتو ئاسانتردەکات بۆ لێدان لە ئازادی . گرفتەکە ئەوەیە بۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان نابێتە تەرەف ؟ بۆ دیفاع لە کار و پیشەیەك کە خۆی بۆ خۆیی دەست نیشانکردوە ناکات . ئەگەر ڕۆژنامەی هاولآتی کارێکی پێچەوانەی یاسای کردوە ئەوا پێویستە بە پێی یاسای ڕۆژنامەوانی دادگایی بکرێت . مەگەر کاتی خۆی کە مۆڵەتی کارکردنی پێبەخشراوە لە چوارچێوەی ئەم یاسایەدانەبووە ،داوای لێنەکراوە لەم چوارچێوەدا کاربکات و پەیوەست بێت پێوەی ؟ ئەی کوا ئەم یاسایە لە کوێیە .

Nya Kamil
Nya-78@hotmail.com